# نامەیەك لەو دنیاوە

**نسار**

**هاوڕێکانم ........**

من ئەو کەسەم کە هەمووتان ئاواتم پێدەخوازن و خۆتان ڕەنج دەدەن بۆ گەیشتن بەو شوێنەی کە هەنووکە منی لێم. زۆرم پێخۆش بوو کە زووتر ئەم نامەیەتان بۆ بنێرم بەڵام بەداخەوە سانسۆر خستنە سەر ئێنترنێت و وەستانی پۆستە و یاساغ کردنی نامەبەرەکانی عەرش وە درەنگی خست لە گەیشتنی بە دەستتان, هەر بۆیە بە هەوڵ و کۆششی یەکێ لە پیاوانی شەیتانی هاوڕێم ئاخری توانیم ئەم چەند دێرەتان بۆ بنووسم.

ئازیزان ........

من لە کوێ دەژیم؟! جەننەت ......

ڕاستە من لە جەننەت دەژیم, ڕەنگە ئێوە هەزاران خۆزگەم پێ بخوازن. ڕەنگە ئێوە ڕۆژانە دەیان چێژ لە خۆتان یاساغ بکەن بۆ گەیشتن بەو شوێنەی کە منی لێم.ڕەنگە هی واتان تیا بێ کە تا هەنووکەش تیشکۆکەکانی هەتاو بەر ناسکی ڕوومەتتان نەکەوتبێ. بەڵام حەیف ...

ئێوە لە کوێ دەژین و لە کوێندەرن؟!!!

منی ئەم شوێنە ئارەزووتان پێ دەخوازم کە ڕۆژێك بێت بێمەوە دنیا جوانەکەتان.نێو تاڵی و شیرینیەکان, نێو بزەکانتان, نێو هەڵاتن و جنێوەکانتان, بێمەوە نێو ئەو دنیایەی کە هاوتای نیە.

سەرتان لێ نەشێوێت ........



ئێرەسەرابە...ئێرە ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ پڕە لە پووچی... شوێنگەیەکی پڕ لە بێتامیە... ئێرە ئەو شوێنەیە کە هەنووکەش لە خاچدان یاسایەکە کە لەنێو مەکتووبی ئەزەلی دا رەنگی داوەتەوە و بەکەسیش ناسڕدرێتەوە.ئێرە وردە دیکتاتۆری لێ نیە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ گەروە دیکتاتۆرەکان, ئێرە تاك دەسەڵاتیە و تام لە شتەکان ناکەیت چوونکە خاڵیە لە جیاوازیەکان.ئێرە جەننەتێکی تەمبەڵخانەییە, چێژ لە ژیان وەرنەگرتن لێرەیە. ئێرە ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ رێزی خۆی لەدەست داوە و بێ قەدەرە.هەڵمەخەڵەتێن .........

وانەزانن ئێرە ژیانی ئەبەدیە, ئەبەدیەتی ئێرە هیچ نیە جگە لە پووچی , جگە لە بلّقی سەر ئاو.ئێرە هیچ ئاسارێکی لەو پێنج رووبارەی لێ نیە کە شلە مەنیەکانی بۆ مرۆڤ بەرهەم هێناوە.بڕوا بکەن , من ناخوازم هاوڕێکانم بێنە نێو (نازەمەنی و ناشوێن) یەوە.دەخوازم کە ئێوە ئاوات بە وەهم ویۆتۆپیای ئێرە نەبەن بەڵکوو لەو زەمەنە کوورتەی خۆتان دا بمێننەوە.نەمری بەلای ئێوەوەیە, ژیان لای ئێوە تام و بۆنی تایبەتی هەیە.

ئێرە خاڵیە لە مووحیبەت و چێژ و بزە و......... لەکۆتاییدا رێگە بدەن پێتان بڵێم لەسەر خەیاڵ مەژین. دەست بگرن بە واقیعەوە. ئێرە(جەننەت) خاڵیە لە خەیاڵەکانی مرۆڤ ,شوێنێکە کە مرۆڤ خاڵی دەبێتەوە لە بیرکردنەوە و بەدواکەوتنی نهێنیەکان .بۆیە هەتاوەکوو بۆتان ئەکرێت بیر بکەنەوە و بگەڕێن بە دوای ئەو شتانەی کە هێشتا کەشف نەکراون.ئێرە شوێن واسیتەکانە.

ئای...................ئێرە چەندە کلۆڵخانەیەکی گەورەیە!!!

■